# زیاتر لە ١٠٠٠ فیلم بۆ فیستیڤاڵی دهۆک نێردراون، لەوانە (١١٢)یان وەرگیراون

**بڕیار وایە لە ڕۆژانی ٩-٢٠١٩/٩/١٦ حەوتەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی دهۆك بۆ سینەما ئەنجام بدرێت، بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆژی ٢٠ ی ئابی ٢٠١٩ کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیی تایبەت بە ڕاگەیاندنی وردەکارییەکانی فیستیڤاڵەکە بەسترا، بۆ ئەو فیلمانەی بۆ فیستیڤاڵ و فیلمە وەرگیراوەکان لە بەشی پێشبڕکێ و ناونیشانی گشت فیلمەکان و ئەو فیلمانەشی لە بەشی پێشبڕکێ بەشدار نەبوون، کۆنگرەکەش لەلایەن هەریەکە لە (شەوکەت ئەمین کورکی بەڕێوەبەری هونەری فیستیڤاڵ، بەنگین عەلی جێگری بەڕێوەبەری فیستیڤاڵ و لیزا کول بەرپرسی بەشی سینەمای جیهانی لە فیستیڤاڵەکە بەڕێوە چوو.**

سەرەتا بەنگین عەلی جێگری بەڕێوەبەری فیستیڤاڵ ئاماژەی بە کاتی سازکردنی خوولی حەوتەمی فیستڤاڵی سینەمای نێودەوڵەتی دهۆك کرد و وتی: «ساڵانی ڕابردوو بە هۆی بارودۆخی نالەباری کوردستان و شەڕی داعشەوە سازکردنی فیستیڤاڵ دوا دەخرا، بەڵام ئەم ساڵ فیستیڤاڵەکە لەکاتی ئاسایی خۆیدا ئەنجام دەدرێت، کە لە ڕۆژانی ٩ تا ١٦ی ئەیلوول دەبێت و لە یەکەم خولی فیستیڤاڵەکەوە تائێستا، وا دانراوە و ئەگەر هیچ ڕووداوێکی نەخوازراو ڕوو نەدات، ساڵانی داهاتووش بە هەمان شێوە لەو ڕێکەوتە ئەنجام دەدرێت «.

دواتر شەوکەت ئەمین کورکی بەڕێوەبەری هونەریی فیستیڤاڵ ئاماژەی بە فیلمەکانی فیستیڤاڵ کردو وتی: «لە ماوەی ڕابردوودا لە سەرتاسەری جیهان زیاتر لە هەزار فیلم بۆ فیستیڤاڵ نێردرا بوون، لەوانە فیلمی درامی، دیکیۆمنتاریی کورت و درێژ، بەڵام دواتر لەلایەن لیژنەی تایبەتی فیستێڤاڵەوە لە گشت بەشەکان تەنیا ١١٢ فیلم وەرگیران».

کورکی دەربارەی دروشمی خولی حەوتەمی فیستڤاڵەکە وتی: «ئەمساڵ پێکەوەژیانمان وەك دروشمی فیستیڤاڵ هەڵبژاردووە، کە کوردستان پێی ناسراوە و نموونەیەکی پێکەوەژیان و فرەییە و لە گشت وردەکارییەکانی فیستیڤاڵ ئاماژەمان پێکردووە، بەتایبەتی لە پۆستەری فەرمیی فیستیڤاڵ تا دەگاتە هەڵبژاردنی فیلم و ناونیشانی ئەو کۆڕانەی کە لە سەروبەندی فیستیڤاڵ ساز دەکرێن»، شەوکەوت ئەمین کورکی هەروەها تیشکی خستە سەر ناونیشانی فیلمە بەشدارەکان لە بەشی کوردیی فیستیڤاڵ لە بوارە جیاوازەکانییەوە، لە درامی کورت و درێژ و فیلمە دیکیۆمنتارییەکان، ئەوەشی ڕوونکردەوە کە لیژنەیەکی نوێ لە خولی شەشەم زیادکرابوو، ئەویش لیژنەی خەڵاتی یەکێتیی نێودەوڵەتیی ڕەخنەگرانی سینەما International Federation of Film Critics بۆ خەڵاتی (فیبریسکی FIPRESCI) ئەم لیژنەیە ئەم ساڵیش لە کارەکانی بەردەوامە و خەڵاتی یەکێتییەکە پێشکەش بە یەکێك لە فیلمە کوردییەکان دەکرێت.

جێگای ئاماژە بۆکردنە ئەم خەڵاتەی کۆمەڵەی ڕێکخراوەکانی ڕەخنەگرانی پیشەگەری سینەما و ڕۆژنامەنووسانی تایبەت بە بواری سینەمایە، ئەوانەی لە سەرتاسەری جیهان لەو بوارە دەنووسن، ئامانجیان پتەوکردن و پەرەپێدانی کولتووری سینەما و پاراستنی بەرژەوەندیی پیشەییە و لە ساڵی ١٩٣٠ لە برۆکسل دامەزراوە، لە ئێستادا پەنجا وڵات لە سەرتاسەری جیهان تێیدا ئەندامن، ئەم یەکێتییە خەڵاتەکانی لە فیستیڤاڵە نێودەوڵەتییە گەورەکانی جیهان پێشکەش دەکات، وەك (کان، ڤینیسیا، تۆرنتۆ) و فیستیڤاڵی دهۆکی نێودەوڵەتییش لە هاوبەشیکردن لەگەڵ لیژنەی خەڵاتی یەکێتیی نێودەوڵەتیی ڕەخنەگرانی سینەما (فیبرسکی) پیشەنگە لە نێو فیستیڤاڵەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمەش دەستکەوتێکی گرنگە کە لە خولی ڕابردووەوە بەدەستهاتووە و لە خولەکانی




داهاتووشدا بەردەوام دەبێت.

لیزا کول بەرپرسی بەشی سینەمای جیهانی لە فیستیڤاڵەکە ئاماژەی بە فیلمە جیهانییەکان کرد و وتی: «فیلمە بەشداربووەکانی ئەم بەشەی فیستیڤاڵ لە وڵاتە جیاجیاکانەوە هاتوون و پەیوەست نین بە ناوچەیەکی دیاریکراو و ئاراستەیەکی سنووردارەوە، زۆر لەم فیلمانە بۆ یەکەم جار لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە رێگای فیستیڤاڵی دهۆکەوە نمایش دەکرێن، جگە لەمە ئێمە سینەمای عەرەبیمان هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی ئەم ساڵ زیاتر فۆکسی بخرێتە سەر، بۆیە ئەم ساڵ زیاتر لە بیست فیلمی عەرەبی بەشدارن، کە لە نزیکەی دە وڵاتی عەرەبییەوە هاتوون، وەك وڵاتانی (عێراق، سووریا، فەلەستین، یەمەن، شانشینی عەرەبی سعودی، میسر، تونس، مەغریب). ئەم فیلمانەش تەنیا فیلمی نوێ نین، بەڵکو ژمارەیەك فیلمی کلاسیکیشمان هەڵبژاردووە، کە بە گرنگترین فیلمە کلاسیکییەکانی سینەمای عەرەبی دادەنرێن و شوێن وپێگەیەکی دیاریان لە مێژووی سینەمای عەرەبیدا هەیە، هەروەها هەوڵماندواە بەپێی توانا ئەو فیلمانە بەشدار بن، کە دەرهێنەرەکانیان ئافرەتن، بۆیە زۆربەی فیلمەکان دەرهێنەرەکانیان ئافرەتی ناسراو و دیاری بواری سینەمان لە وڵاتانی عەرەبی وەك (نادین لەبکی و جوسلین صەعب) و چەندین ئافرەتی دەرهێنەری دیکەی جیهانی.

لە وەڵامی پرسیارێك دەربارەی ئەو ئەستێرانەی کە لە فیستیڤاڵەکەدا بەشداری دەکەن، شەوکەت کورکی بەڕێوەبەری خولی حەوتەمی فیستیڤاڵی سینەمای نێودەوڵەتیی دهۆك وتی: «دەرهێنەرانی فیلمە بەشداربووەکان و لیژنەی ناوبژیوان کە لە فیستیڤاڵەکەدا ناوبژیوانی دەکەن، لە بەشە جیاجیاکاندا لە بوارەکەی خۆیاندا ئەستێرەن، چونکە ئەستێرە بوون، تەنیا ئەوە نییە کە لە بەردەم کامیرا بوەستی، بەڵکو ئەستێرە بوونی گرنگتر ئەوەیە کە هەر سینەماکارێکی بەشداربووی فیستیڤاڵ دەبینوێنێ. ئەگەر بە دوای ناوی ئەو کەسانەدا بگەڕێن کە بەشدارن وەك ئەندام، یان سەرۆکی لیژنەی ناوبژیوانان، دەبینن هەر یەکێکیان بەجیا جێپەنجەی تایبەتی خۆیی لە سینەمادا هەبووە، جا لە وڵاتەکەی خۆی بێت، یان لە سینەمای جیهانی بەشێوەیەکی گشتی».

لە کۆتاییدا شەوکەت ئەمین کورکی وتی: «ئەم ساڵ فیستیڤاڵ گرنگییەکی زۆر بە رەخنەی سینەمایی دەدات، کە تا ئێستا لە زۆربەی فیستیڤاڵەکانی کوردستان و ناوچەکەش گرنگیی پێ نەدراوە، بۆیە لەم خولەدا ژمارەیەکی زۆر لە رەخنەگرانی بواری سینەما لە عێراق و وڵاتانی عەرەبی و جیهان بەشداری دەکەن، ئەمەش لە ئێستا و داهاتووشدا کاریگەرییەکی باشی لەسەر پێشکەوتنی فیستیڤاڵەکە دەبێت.





# تایلۆر سویفت بەبێ کامیرە ناجوڵێتەوە

خانمە ئەکتەر و گۆرانیبێژی ئەمریکی تایلۆر سویفت رایگەیاند: لە ئێستادا بەبێ کامیرای چاودێری ناجووڵێتەوە و بۆ خۆپاراستن لە دەستدرێژی، لە گشت گۆشەکانی ماڵ و ئۆتۆمبێلدا کامێرای داناوە .سویفت رایگەیاند کە ئەمە وەك کردارێکی خۆپارێزییە، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٣ دووچاری دەستدرێژیی سێکسی بوویەوە، لەبەر ئەوە لە ئێستادا تەنانەت لە شەقامەکانیش ناوەستێت، ئەگەر بە تەواوی دڵنیا نەبێت کە ئەو شەقامە کامیرای چاودێریی لێ دانراوە یان نا، چونکە دەستدرێژیی سێکسی کارێکی قێزەوەنە و لە رووی دەروونییەوە بۆ هەمیشە مرۆڤ ئازار دەدات، بەتایبەتی بۆ کەسێك کە لە کۆمەڵگەدا ناسراو بێت و خاوەن جەماوەر بێت.

لەلایەکی دیکەوە ماڵپەڕی فۆکس نیوز سکاڵایەکی بۆ دادگا بەرز کردەوە دژی رێکخەری گۆرانیی دیڤید مۆلەر کە لە کۆلۆرادۆ دەژیت، بە تۆمەتی گاڵتە پێکردن و هەوڵدان بۆ دەستدرێژیکردنە سەری لە ساڵی ٢٠١٧ و دواتر دادگا لە بەرژەوەندیی تایلۆر حوکمی دا. لەم بارەوە تایلۆر سویفت رایگەیاند کە بە هیچ شێوەیەك حەزی نەدەکرد بابەتی ئەو دەستدرێژییە بدرکێنێت، بەڵام لە کۆتاییدا ناچار بوو ئەو کارە بکات و لە دادگا یەکلایی بکاتەوە.

تایلۆر بۆ خۆپارێزی پشت بە کامیراکانی چاودێری دەبەستێت، بۆ ئەوەی ئەگەر لە داهاتوو هەر کێشەیەکی لەو جۆرە روویدا، ئەوا بە بەڵگەوە بیسەلمێنێت.





# لافاو تەنگی بە بۆڵیۆد چنیوە

لە ماوەی رابردوودا لافاو و زریان بەشێکی وڵاتی هیندستانی گرتەوە و چەندین گوند و شارۆچکە ژێر ئاو کەوتن و ژمارەیەك هاووڵاتیش بوونە قوربانی، هەروەها تیمێکی هونەری لە کاتی وێنەگرتنی فیلمێك لە ناوچەیەکی ویلایەتی (هیماشال برادیش) کە بارانێکی زۆری لێ باری بوو، گیریان خوارد بوو.

بەپێی راپۆرتی پۆلیسی هەرێمی هیماشال، تیمێکی هونەری کە پێکهاتبوون لە سی کەس و خانمە ئەکتەری بۆڵیۆد مانجۆ وارییریان لەگەڵدابوو، لە گوندێکی هەرێمەکە گیریان خواردبوو و بەهۆی هێز و بە خوڕی بارانەکە مەترسییەکی زۆر لەسەر ژیانیان هەبوو، دواتر بە هەوڵی پۆلیس توانرا رزگار بکرێن و بگوازرێنەوە سەربازگەیەکی سوپایی نزیك ناوچەی لافاوەکە، دواتریش تیمەکە گوازرانەوە ناوچەی منالی.

شاترا گوندێکی بچووکی جوان و دڵرفێنی دۆڵی هیمالایایە و دەکەوێتە دووری هەشتا کیلۆمەتر لە شاری منالی، تیمەکە بۆ ماوەی دوو هەفتە لەوێ سەرقاڵی وێنەگرتنی فیلمێك بوون، کە لە دەرهێنانی سانال کۆمارە، دوو هەفتە پێش ئێستا و کاتێك باران بارین لەو ناوچەیە بووە هۆی درووستبوونی لافاوێکی گەورە، ژمارەیەك قوربانیی لێکەوتەوە، شەوێکیان کە باران پەیوەندیی تیمەکەی بە یەکجاری پچڕاند، لەو کاتە مانجۆ لە رێگای مۆبایلێکەوە کە بە مانگە دەستکردەکانەوە بەستراوە، پەیوەندیی بە خێزانەکەیەوە کرد و پێی راگەیاندن کە لە بارودۆخێکی زۆر نالەباردان و ئەو خۆراکەی هەیانە، تەنیا بەشی دوو رۆژی تیمەکە دەکات، دواتر هەوڵەکانی رزگار کردنی تیمەکە دەستی پێکرد و توانرا لە ماوەی یەك رۆژدا رزگاریان بکەن.



# لەیلا ئەحمەد: پشت بە بەهرەی خۆم دەبەستم نەک جوانی

شاجوانی ئێران لەیلا ئەحمەد کە هەڵگرتنی رەگەزنامەی بەریتانییە، گشت ئەو هەواڵانەی رەتکردەوە، کە باس لە چوونی بۆ نێو بواری نواندن دەکەن لە رێگای هۆڵیۆدەوە و بە هەواڵی خەیاڵی و دوور لە راستی وەسفی کردن.

لەم بارەوە لەیلا گوتی: «هیچ گرێبەستێکی لەو شێوەیەم بۆ نەهاتووە، لە بەریتانیا چاوم بە دەرهێنەرێکی فەرەنسی کەوت و لە ئێستادا بۆ بەرهەمهێنانی فیلمێکی کورت گفتوگۆ هەیە و ساڵی داهاتوو لە بەشی کورتە فیلمی فیستیڤاڵی (کان) بەشداری دەکات، من دەمەوێ قۆناخ بە قۆناخ لە بواری سینەما هەنگاو بنێم، چونکە حەز ناکەم بەبێ پلانی پێشوو هیچ هەنگاوێك بنێم، بەتایبەتی بۆ کەسێك کە لە پێگەی من بێت وەك شاجوان». لەیلا دەربارەی ئەزموونی نوێی وتی: «لە یەکەم هەنگاوی خۆمدا لە بواری نواندن پشت بە توانا و بەهرەکانی خۆم دەبەستم، نەك تەنیا بە شێوە و رووخساری دەرەوە، چونکە من لە بنەڕەتدا ئەو بەهرەیەم هەیە و لە ئێستاشدا بەشداری لە چەندین خولی مەشق و راهێنانی ئەکادیمی بۆ پەرەپێدانی تواناکانم دەکەم، بەلای منەوە گرنگ ئەوەیە لە شوێنی درووست بم، چونکە ئامانجەکانم لە ئەزموونێکی سنووردار بەرفراوانترن و دووریش نییە روو لە سینەمای نێودەوڵەتی بکەم، چونکە کەس ناتوانێت پێشبینی دوارۆژ بکات.»

لەیلا کە لە بواری پزیشکی دادنەوە رووی لە شاجوانی کرد ئاماژەی بەوە کرد کە خەون بەوەوە دەبینێت رۆژێك لە رۆژان لە کارێکی هونەریدا لەبەردەم میل گیبسۆن ئەستێرەی سینەمایی بوەستێت، ئەمەشی بە دوور نەزانی و وتی: «لە ماوەی داهاتوودا ئامانجی خۆم بەدەست دەهێنم و بەرامبەر بەو کەسانەی گرەویان لەسەر سەرنەکەوتنی من کردبوو خەونەکەم دەکەمە راستی».



# خەونی بەغدا لە ئەمنە سوورەکە

■ تاریق کارێزی

هونەری شێوەکاری، ئەو زمانەی کە تەنیا چاو بە ئەلف و بێیەکەی ئاشنایە و پەی بە خوێندنەوەی دەبات،دەقی بێدەنگ دەخاتە روو، بە زمانی رەنگ و هێڵ دەقی جوانی دیدەیی دەئافرێنێ. ئەم هونەرە لە دۆخی دەروون و ژیانی هونەرمەند کە رەنگدانەوەی ژیان و ژینگەی ئەوە، دانابڕێت، بەڵکوو بە چڕی ئەو دۆخە گەڵاڵە دەکات. بۆیە ئێمە لە رێی تابلۆ، یان هەر بەرهەمێکی دیکەی شێوەکارییەوە، هەلومەرجی جڤاك و جوگرافیا بەدی دەکەین، هونەرمەند ئەگەر بە راستی و راستگۆییەوە هونەر بکات، ئەوا دەبێتە ئۆرگانێکی گوزارەساز و کاریگەری ژینگەی خۆی.

ئەم قسانە دەرهەق بە پیشانگای هونەرمەندی بەغدایی (رائید حەسەن) دروستن، کە سەرەتای مانگی ئاب دوایین پیشانگای خۆی لە هۆڵی مۆزەخانەی ئەمنە سوورەکە لە شاری سلێمانی کردەوە. بەغدا لە رووی هونەری شێوەکارییەوەیەکێکە لە شارە هەرە دیارەکانی جیهانی عەرەبی، دەیان ساڵە ئەو شارە ستایلێکی تایبەت بە خۆیی لە هونەری شێوەکاریدا گەڵاڵە کردووە و گەورە هونەرمەندانی ئەو شارە نیوسەدە بەر لە ئێستا، توانیویانە کەلەپوور و میراتی شارستانی و ژینگەی کۆمەڵایەتیی بەغدا بکەنە پاشخان و ناوەڕۆکی گەڵاڵەبوونی ستایلێکی تایبەت، کە مۆرکی میراتی شارستانیی ئەو شارە دەخاتە روو. پیشانگاکەی رائید حەسەنیش هەر لەو جوغز و تەوەرەدا دەسوورێتەوە، لە هەموو تابلۆکانی پیشانگاکەدا سیمای بەغدا و تەکنیك و ستایلی بەغدایی بەدی دەکرێت.

رەنگە هونەردۆستێك بپرسێت، ئاخۆ ستایلی بەغدایی لە هونەری نیگاردا خۆی لە چیدا دەنوێنێ؟

عیراق لە نێو تێکڕای وڵاتانی عەرەب و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، لە رووی هونەری شێوەکارییەوە خاوەن پێگەیەکی لە پێشە، گەورە شێوەکارانی ئەم وڵاتە لە ساڵانی سی و چل و پەنجاکانی سەدەی رابردووەوە، لە ناوەندەکانی ئەکادیمیی وڵاتانی ئەوروپا خوێندنیان تەواو کردووە، بێ لەوەش لە دووەمین جەنگی جیهانیدا کۆمەڵێك هونەرمەندی شێوەکاری پۆڵەندی لە بەغدا پەنابەر بوون، ئەوان تێکەڵییەکی زۆریان



لەگەڵ هونەرمەندانی شاری بەغدا هەبوو، پاڵپشت بەو دوو چاوگە، ئەزموونی شێوەکارانی شاری بەغدا گەشەی کرد و بە ئاستێکی بەرز و باڵا گەیشت، کە هونەرمەندانی وەك (فایەق حەسەن، جەواد سەلیم، عەتا سەبری، مەحموود شێخلی) و چەندانی دی، بە سوود وەرگرتن لە میراتی شارستانی و کولتوور و کەلەپووری دێرینی شاری بەغدا، لە رووی فیگەر و پێکهاتە و رەنگ و تەکنیکی کار کردنەوە توانییان ستایلێکی خۆماڵیی عیراقی، یان بەغدایی گەڵاڵە بکەن، ئەم ستایلە دواتر بووە رێڕەوێك و نەوەکانی دواتر و شێوەکارانی ئەو وڵاتە لە سەری رۆیشتن، هەوڵیش دەدەن لە ئێستادا زیاتر پەرەی پێ بدرێت.

تابلۆکانی رائید حەسەن سیمای ستایلی بەغدایان پێوە دیارە، چ لە رووی بابەت و فیگەرەوە و چ لە رووی تەکنیکی کێشانی تابلۆوە، سیما و شێوازی گەورەمامۆستایانی شێوەکاری عیراقیان پێوە دیار بوو. لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە هونەرمەندانی شێوەکاری بەغدایی نەوە دوای نەوە ئەزموونی یەکدی کۆپی دەکەنەوە، بەڵکوو رێچکە و رێڕەوێك هەیە، کە لە شاری بەغدا گەڵاڵە بووە، سیمای ژینگە و شارستانییەت و کولتوور و کەلەپووری ئەو شارەی لەخۆگرتووە، کە دەکرێ بڵێین چڕ کراوەی ژینگە و کولتووری عیراقە. ئەم رێچکەیە ناوەندی کۆ کردنەوەی گوتاری دیدەیی هونەرمەدانە، بە جیاوازیی نەوەکانیانەوە.

بۆ بینەرێکی کوردستان کە هێندە ئاشنای ستایلی بەغدایی نییە، ئەم پیشانگایە دەرفەتێکی باش بوو، کە بتوانێ لە دەلاقەیەکی بچووکەوە بڕوانێتە میراتی هونەری شێوەکاریی عیراق و بە ستایلی تایبەتی شێوەکارانی بەغدا ئاشنا بێت.

لە بارەی ستایلی بەغداییەوە دەکرێ بڵێین، رەنگ تا ئەندازەیەکی زۆر لە کەشی بیابان دوور دەکەوێتەوە، ئەگەرچی هونەرمەندێکی وەك فایەق حەسەن کە یەکێکە لە گەورە و پێشەنگانی هونەری شێوەکاری لە عیراق، هەندێك کەسیش پێیان وایە بە رەچەڵەك کوردی خانەقینە، لە زۆربەی تابلۆکانیدا کەشی بیابان و عەرەبی رەوەند (بەدوو)ی پیشان داوە، بەڵام ئەمە نەبووەتە پاساوی ئەوەی کە هونەرمەندانی بەغدایی لە ژینگە و جوگرافیای بەغداوە، ئەو شارەی گەورە رووباری دیجلە بە ناوەڕاستیدا تێپەڕ دەبێت، رەنگ وەرنەگرن، ژینگەی رووبارەکەش بووەتە بەشێکی کاریگەر لە کار و بەرهەمی ئەوان. رەنگ لە رێچکەی هونەری بەغداییدا تا رادەیەکی زۆر گەش و کراوەیە، رەنگی روون و تەڵخ، گەش و تاریك، بە گوێرەی کەشی کۆڵان و کووچەی دێرین و گەڕەکەکانی شارەکە بە دەم یەکەوە دەبیندرێن.

لە رووی فیگەریشەوە هونەرمەندانی بەغدا (بۆ رائید حەسەنیش هەر وایە)، ژینگەی کۆمەڵایەتیی شارەکە چاوگی سەرەکیی هەڵهێنجانی فۆرم و فیگەریانە، کە ژنانی عەبا بە سەر، تەرزی تەلارسازی و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی، لە پاڵ رووباری دیجلە و دارستانی چڕ، کە ئاوێزانی دیجلە دەبن، هەموو ئەمانە مەودایەکی باش بۆ مانۆڕی هونەرمەندان دەڕخسێنن، بۆیە دەبینین تابلۆی هونەرمەندانی بەغدایی گەش و روون خۆ دەنوێنن. تابلۆکانی ئەم پیشانگەیەش لە رەوشی ئەم چەند ساڵەی دوایی شاری بەغدا بە دوور نییە، دەبینین لە زۆر تابلۆدا هونەرمەند وێنەی تەقینەوەی کێشاوە، کە رەنگ و فۆرمی ژینگە بە هەردوو بواری مرۆیی و سرووشتییەوە تێکەڵ بە یەك دەکات، لەولاشەوە ویستوویەتی هەستی ئاشتیخوازانەی خەڵکی شارەکەش بخاتە روو، کە سیاسەت درزی خستە نێو تانوپۆی کۆمەڵایەتیی شار و خەڵك شەڕی یەکدییان کرد، بەڵام دواجار لۆژیکی ژیان و عەقڵ باڵادەست دەبێت، مرۆڤەکان پەنا بۆ یەك دەبەن و لەگەڵ یەکدی ئاشت دەبنەوە.





